کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
17-4-2007 22:12بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## تورکیا خۆی ماڵی لە شوشەیە و بەرد دەهاوێت ... حوسێن ئیسماعیل خان دەڵۆ

husin966@yahoo. com

شەڕی مەلازگرد لە ساڵی 1071 ز ڕوویدا لەو شەڕەدا سەلجوقیەکان کە ڕەگەزی تورکی بوون سەرکەوتن، سەلجوقیەکان لە دەوڵەتی عەباسیدا باڵا دەست بوون، پێش ئەو شەڕە هیچ ڕەگەزێك تورکی لەو شوێنەی کە ئێستا دەوڵەتی تورکیای پێدەڵێن بوونیان نەبووە، ئەمە مێژوویەکی زۆر کۆن نییە تاکو چەواشەکاری تێدا بکرێت تورکەکان ئەم ڕاستیە حاشا هەڵنەگرە لایان ڕوونە و باشی دەزانن، لە کۆتایی سەدەی (12) ز دا (سلیمان شاە) کە فەرمانڕەوای میرنشینی (ماهان) بوو، ئەو میرنشینە کەوتبووە باکوری ڕۆژهەلاتی ئێرانی ئێستاوە، لەژێر فشار و پاڵەپەستۆی مەغۆلەکاندا لەگەڵ هێزەکەیدا هەڵهاتن و ئەو ناوچەیەیان بەجێهێشت و سەرئەنجام خۆی لە ئاوی ئاراس خنکا بەڵام (توغرڵ بەگ) سەرکردایەتی بەشێکی ئەو لەشکرەی دەکرد و ڕوویان کردە ئەو ناوچەی کە هاوسنوری دەوڵەتی بیزەنتینی بوو پاشتر لە سەرەتای سەدەی (13) عوسمان کوڕە گەورەی توغرڵ بەگ دەوڵەتی عوسمانی لەو ناوچەیە دامەزراند کە کەتووەتە ئەوپەڕی باکوری ڕۆژئاوای ئەنادۆڵەوە، پاشتر ئەو میرنشینە لە سۆنگەی فراوانخوازی سوڵتانەکانی عوسمانیەوە بووە ئیمپراتۆریەتێکی گەورەی ئیسلامی، بەرەو ڕۆژهەلات و ڕۆژئاوا کەوتنە داگیرکاری، بەو پێوەدانگە مێژوویە هاتنی تورك بۆ ئەو ناوچەیە ڕوون و ئاشکرایە! کەی هاتن و چۆن هاتن؟.

کورد لە لەوحە وشوێنەوار و دەستنوسەکانی سۆمەری و ئەکەدی و ئاشوری و بابلی و ساسانی و فرسی و کاشی و میسریە کۆنەکان و ئارامیەکاندا ناویان هاتووە کە لە ئەم ناوچەی کە ئێستا تێدا دەژێن ئاکنجی بوونە و بەرەنگاریان لە هەر بستە خاکێکی کردووە، زەینەفون کە سەرکردایەتی سۆپای یونانیەکانی دەکرد لەگەڕانەوەیدا پاش شکست خواردنی لەگەڵ فارسە ئەخمینیەکاندا (400) ساڵ بەر لە ساڵی زاینی لە کتێبەکەیدا کە بەناوی (ئەناباتیس) باس لە (قاردا، کاردا، کاردۆخ) یەکان دەکات کە لەو ناوچەی کە ئێستا بە حیساب کەوتووتە سنوری تورکیا نیشتەجێ بوونە کە کاردۆخیەکان قبائیلێکی کۆنی کوردی بوونە و داکۆکیان لە سەربەستی و ناوچەکەی خۆیان کردووە.

لە 29 ی تشرینی یەکەم ساڵی 1923ز کۆماری تورکیا وەکو دەوڵەتی نەتەوەی تورك ڕاگەیەندرا و مستەفا کەمال یەکەم سەرۆکی ئەو کۆمارە بوو، تورکیا لە پاشماوەی کەلاوەکانی دەوڵەتی عوسمانی دروستکرا، زۆر دلڕقانە و بێبەزەیانە کەوتە وێزەی نەتەوەکانی تر، تەنها نەتەوەی تورك باڵا دەست بوون لە تورکیا و مافی نەتەوەکانی دیکە پێشێل کرا و کوشت و بڕ و قەلاچۆ کردنی نەتەوەکانی دیکەی تورکیا میتۆدی ئەو دەوڵەتە بوو، بەشێکی دروست بوونی ئەو کۆمارە نوێیەی تورکیا بە خەبات و لە سەر شانی کوردەکان دروست بوو، لەو سەروەختەوە تاکو ڕۆژگاری ئەمڕۆ ئەو نەتەوە و ڕەگەزپەرستیەی تورك بێسڵکردنەوە بەردەوامە لەسەر ئەو ڕێڕەوە و هەموو مافێکی نەتەوەکانی دیکەیان زەوت و پێشێل کردووە.

تورکمانەکانی ئێراق مێژووی هاتنیان بۆ ئێراق دیارە و بە بیانو و سۆنگە و شەپۆلی و فەرمانی جیاوازەوە هاتن تەنانەت لە ڕووی ئاخاوتن و مەزهەب وکەلتورەوە لە ئێراقدا لە ناوچەیەك بۆ ناوچەیەکی تر جیاوازن، وشەی تورکمان واتە (پیاوی تورك) دەگەیەنی کە ڕەنگە لە بنەچەدا زۆربەیان هەر تورك نەبن بەڵام ئیشیان بۆ تورك کردبێت چونکە فەرمانڕەوا بوونە و ئەو ناوەیان بەباڵادا بڕاوە و پاشتر بووەتە دیفاکتۆیەك بەسەریانەوە و خۆیان فێری زمانی تورکی کردبێت.

کاك مەسعود بارزانی چەند ساڵێك بەر لە ئێستا لە یەکێك لە ووتار و ئاخاوتنەکانیدا ئاماژەی بۆ ئەوە کرد کە وشە یان زاراوەی (کەمینە) بۆ نەتەوەکانی دیکەی کوردستان بەکار نەهێنن ئەگەر هەرچەند

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

ژمارەیان کەم بێت لە کوردستاندا بەڵام هەر وەکو نەتەوە حیساب و تەماشایان بکرێت، ئەمە تێڕوانینی کوردە بۆ ئەو نەتەوانەی کە لەگەڵ کورددا دەژێن، نەك هەر ژمارەی تورکمانەکانی کوردستان بەڵکو بە هەموو تورکمانەکانی ئێراقەوە لە هەڵبژاردنەکانی ساڵانی ڕابردووی پەرلەمانی ئێراقدا پاش ئۆپراسیۆنی ئازادی لە کۆی 275 کورسی پەرلەمان تەنها یەك کورسیان بە دەستهێنا، بە درێژای 16 ساڵەی ئازادی کوردستان تورکیا دەستی لە پشت هەندێك بەکری گیراوی خۆی داوە بۆ شێواندنی دۆخەکە و نانەوەی ئاژاوە و دووبەرەکی لە کوردستاندا، میتەکانیان بەردەوام فات و فیتیان بووە لە کوردستاندا، ئەوەی تورکیا دەیکرد زۆرینەی هەرە زۆری تورکمانەکانی ئێراق خۆیان پێی ڕازی نەبوون و سەرکۆنەیان دەکرد.

بە درێژای حوکمڕانی دەسەڵاتی کوردی لە کوردستاندا تاکو ئێستا تورکمانێك لە بەندیخانەکانی کوردستاندا بەند نەکراوە، مافی وەرگرتنی پۆست لە پەرلەمان و حکومەتی هەرێمی کوردستان و دامەزراوە حکومیەکاندا هەروەکو چۆن بۆ کوردێك دەروازە کراوە بووە ئاواش بۆ تورکمان و نەتەوەکانی دیکە دەرگا لەسەر گازی پشت بووە هیچ جیاوازیەك نەبووە لە نێوان نەتەوەکاندا، مافی خوێندن و چاپەمەنی و بڵاوکردنەوە بۆ تورکمانەکان فەراهەم کراوە و پاڵپشتی کراوە و بەردەوام دەکرێت.

نزیکەی سی ملیۆن کورد لە تورکیا دەژێن لە سادەترین و سەرەتای ترین ماف و ئازادیە مرۆی نەتەوەیەکان بێبەش و مەحرومن، تاکو ئێستا بە زمانی داپڵۆسین و بەندیخانە و گرتن و هەڕەشە بەرسڤی داواکانیان دەدرێتەوە، تورکیا ئەگەر خۆی بە میراتگری دەوڵەتی عوسمانی دەزانێت با تەنها دەست لە کارو باری کوردستان بەگشتی و کەرکوك بەتایبەتی وەرنەدات و داوای کەرکوك نەکات بەڵکو بەشێکی ئەوروپا و وڵاتە عەرەبیەکان بەشێکن لەو میراتەی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی دەبێت دەست لە کارو باری ئەوانیش وەربدات و داوای ئەو شوێنانەش بکات، بۆ بە درێژای 80 ساڵی حوکمڕانی تورکیا هیچ کاتێك باسی تورکمانەکانی کەرکوك و ئێراقی لەگەڵ ڕژێمە لە ناوچووەکانی ئێراق نەدەکرد و لە سەریان بەدەنگ نەدەهات؟.

تورکیا با کێشە و گرفتە سیاسی و ئابوری و ناوخۆیەکانی وڵاتەکەی خۆی چارەسەر بکات نەك خۆی بگلێنێتە کێشەیەکەوە کە لە بنەڕەتدا هیچ پەیوەندی بە ئەوەوە نییە، ئەگەر هاوسۆزی بۆ تورکمانەکانی ئێراق دەردەبڕی ئەوا هەزار ئەوەندەی سەردەمی ڕژێم تورکمانەکان ماف و ئازادیە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئاینی و فەرهەنگی و نەتەویەکانیان زامن و مسۆگەرە، زمانی هەڕەشە بەسەرچوو باشتر وایە تورکیا بگەڕێتەوە بۆ لۆژیك و سەردەمیانە بڕوانێتە بابەتەکان مافی کوردەکانی کوردستان لە تورکیا بدات ئنجا باس لە ناوخۆی وڵاتانی تر بکات.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.